# ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا (١٩١٤-١٩٧٢)

**پ.ی.د.پشکۆ حەمەتاهیر عەبدولرەحمان***

وشە کلیلییەکان: هەرێمی کوردستان، نەوت، کەرکوک، خاکی کوردستان، مێژووی هاوچەرخ.
https://doi.org/10.31271/jopss.10029

## پوختەی توێژینەوە:

نەوت یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی وەزەو بە یەکێك لە کرنگترین سەچاوە سروشتیە ئابووریەکان دادەنرێت لە جیهانی ئەمرۆدا، هەر ئەم گرنگیانەی بووە وای کردووە زۆرێك لەوناوچانەی کە نەوتیان تێدایە ببێتە مایەی چاوتێبڕین و هەندێك جار داگیرکردن و دابەشکردنی خاکی ئەو ناوچانە لەلایەن وڵاتە ئیمپریالستەکانی دوونیاوە. باشترین نموونەش ناوچەکانی خاکی کوردستانە، کە لە دوای دۆزینەوەی نەوتێکی زۆر لە ژێر خاکەکەیدا بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی وایکردووە ناوچەکانی دابەشبکرێت بەسەر چوار وڵاتدا لە مێژووی هاوچەرخدا.

لێرەوە ئەمە وایکردووە نەوتی کەرکوك ببێتە هەوێنی نووسینی توێژینەوەیەکی زانستی، لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی نەوتی کەرکوك لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٩١٤-١٩٧٢)، کە لە پێشەکیەك و دوو باس و ئەنجامێك پێکدێت، بەم جۆرە باسەکان دارێژراوە:

باسی یەکەم: نەوتی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٢٦دا: لەم باسەدا بە وردی باس لە دۆزینەوەی نەوتی کەرکوك و ڕۆڵی نەوتی ئەوشارەکراوە لە دابەشکرنی خاکی کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

باسی دووەم: نەوتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٢٦تا ١٩٧٢: لەم باسەدا لەگەڵ ئەوەی باس لە دەهێنانی نەوتی کەرکوك کراوە، ئاماژەش بەوەدراوە کە چۆن نەوتەکەی بەبێ خواستی هاوڵاتیانی براوەو دابەشکراوە..

## ملخص البحث:

### دور نفط كركوك في تقسيم أراضي كوردستان في التأريخ المعاصر (١٩١٤ - ١٩٧٢)

النفط احد أهم مصادر الطاقة، ويعد من أهم المصادر الطبيعية للاقتصاد في هذا، وهذه الأهمية التي جعلت كل الأماكن التي يتواجد فيها النفط محل انظار و في بعض الأحيان الاحتلال وتقسيم

---

* بەشی مێژوو / کۆلێجی زانستی مرۆڤایەتی/ زانکۆی سلێمانی: pishko.tahir@univsul.edu.iq

أراضي هذه المناطق من قبل الدول الامبريالية في العالم. وأحسن مثال لذلك أراضي كوردستان، بعد اكتشاف النفط تحتها عموما وفي كركوك خصوصا، مما جعلها تقسم على أربع دول في التاريخ الحديث.

ومن هذا المنطلق أصبح نفط كركوك رائبا لكتابة هذا البحث العلمي المعنون ( دور نفط كركوك في تقسيم أرض كردستان في التاريخ الحديث ١٩١٤ - ١٩٧٢) والذى يتكون من مقدمة ومبحثين ونتيجة. وأتى المبحثين بالشكل الآتي:

المبحث الأول بعنوان: نفط كركوك بين عامي ١٩١٤ - ١٩٢٦: قد تناول بصورة دقيقة كيفية كشف نفط كركوك ودوره في تقسيم أراضي كوردستان بعد الحرب العالمية الأولى.

أما المبحث الثاني بعنوان: نفط كركوك في عام ١٩٢٦ حتى عام ١٩٧٢: فقد تناول موضوع استخراج نفط كركوك وأشار أيضا الى كيفية هدر وتقسيم نفط كركوك بدون ارادة ورضى أهلها.


**Abstract:**

**The role of oil in the division of Kurdistan in contemporary history (1914-1972)**

At the present time, Oil has become the world's most important source of energy. It is considered as one of the most important economic sources of energy throughout the world. That is why, many regions that owned oil resources, always faced with External ambitions. Moreover, in some cases it is the result of the occupation and dividing their lands. Kurdistan is the best example as a case study.

After finding the largest reserves of oil in Iraqi Kurdistan especially in Kirkuk province.

It was motivated to divide Kurdistan among four countries by great power countries in contemporary history. Thus, Kirkuk oil has become main motive to carry out this scientific research by title of “The role of Kirkuk oil for the re-division of Kurdistan in contemporary history 1914-1972".

This research is divided into an introduction, two sections and conclusion. First section is dedicated to Kirkuk oil from 1914 to 1926. in this section was mentioned to find oil in Kirkuk and the role it to re division the region. Second section is dedicated to other stages from 1926 to 1972. In this stages, the process of using oil and not to use for citizens. Also, without accepting Kurdish people was divided by countries.

## پێشەكی:

نەوت یەكێكە لە سەرچاوە گرنگەكانی وەزەو بە یەكێك لە گرنگترین سەچاوە سروشتیە ئابووریەكان دادەنرێت لە جیهانی ئەمرۆدا، هەر ئەم گرنگیانەی بووە وای كردووە زۆرێك لەوناوچانەی كە نەوتیان تێدایە ببێتە مایەی چاوتێبڕین و هەندێك جار داگیركردن و دابەشكردنی خاكی ئەو ناوچانە لەلایەن وڵاتە ئیمپریالستەكانی دوونیاوە. باشترین نموونەش ناوچەكانی خاكی كوردستانە، كە لە دوای دۆزینەوەی نەوتێكی زۆر لە ژێر خاكەكەیدا بەگشتی و كەركوك بەتایبەتی وایكردووە ناوچەكانی دابەشبكرێت بەسەر چوار وڵاتدا لە مێژووی هاوچەرخدا.

### گرنگی لێكۆڵینوەكە:

لێكۆلینەوە لەبارەی مێژووی (ڕۆڵی نەوتی كەركوك لە دابەشكردنەوەی خاكی كوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٩١٤-١٩٧٢)، وەك ماوەیەكی مێژووی دیاریكراو، كە بە ململانێی وڵاتە زلهزەكان لەسەر نەوت دەستپێدەكات و بە داگیركردنی نەوتی شارەكە بە شیوەیەكی فەرمی لەلایەن حكومەتی بەعسی عێراقەوە كۆتایی دێت لە ساڵی ١٩٧٢، گرنگ و پڕبایەخە. چونكە نەوتی كەركوك لەو ماوەیەدا بۆتە مایەیی چاوتێبڕینی چەندین داگیركەری جیاوازی وەك (ئەڵمانی، بەریتانی، فەرەنسی، ئەمریكی، توركی.....هتد) كە هەریەكەیان بەشێك لە سیاسەتەكانی خۆیان لە سەر پشكی نەوتی كەركوكەوە بۆ نێوچەكە داڕشتووە، كە هۆكارێكە بۆ دابەشكردنی خاكی كوردستان و لكاندنی بەشێكی بە عێراقی عەرەبیەوەو تا ئێستەش كاریگەری هەر ماوە.

### هۆكاری هەڵبژاردن و ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:

هەڵبژاردنی لێكۆڵینەوەیەك بە ناونیشانی (ڕۆڵی نەوتی كەركوك لە دابەشكردنەوەی خاكی كوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٩١٤-١٩٧٢)، لەو ڕوانگەیەوە دێت، كە تا ئێستا وەك پێویست و بە شێوەیەكی وەها تێروتەسەل و زانستیی باس لەو ماوە مێژوویە نەكراوە.هەروەها لەگەڵ بە دەرخستنی ڕاستیە مێژووییەكاندا هەوڵ دراوە ڕەهەندی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتیەكانی نەوتی كەركوك بە سەر باشوری كوردستان بەگشتیو خودی شارەكە باس بكرێت.

ئامانجیش لە نوسینی ئەم لێكۆڵینەوەیە لێكدانەوەیەكی زانستیانە و شیكاریانەیە بۆ مێژوو نەوتی كەركوك و كاریگەری بەسەر خاكی كوردستان، لە سەر بنەمای مێژوویی و ئابوری و سیاسی وەك سەرەتایەك بۆ لێكۆلینەوەیەكی فراوانترو هەمەلایەنتر بخاتە بەردەست.

### میتۆدو سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەكە:

لەم لێكۆلینەوەیەدا پەنامان بردۆتە بەربەكارهێنانی چەندین میتۆدی جیاواز بۆ گەیشتن و ئەنجام و شیكاری بابەتەكە، بەڵام زۆرجار هەوڵدراوە لە نوسینی توێژینەوەكەدا پشت بە میتۆدی مێژووی و میتۆدی ئابوری ببەسترێ لەسەر بنچینەی شیكردنەوەو هەڵهێنجانی سەرچاوەكان. بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە ژمارەیەك سەرچاوەی جیاوازی(كوردی و عەرەبی و توركی و

ئینگلیز) ببەستریّ، لەوسەرچاوانەش ((جوگرافیای ئابوری نەفت لە کوردستان-د.عەبدوڵا غەفور، سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك-د.نوری تاڵەبانی، کارکۆك لە مێژوودا-عەبدوڵاعەبدولکەریم مارف بەرزنجی، ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژووی-پ.ی.د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، کێشەی ویلایەتی موسڵ-د.فاضل حسین، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا-د.ئەحمەد عوسمان،النفط والاکراد-د.کمال مجید، الصراعات البترولیة في الشرق الاوسط-اندئوشی، الحزام النفطي في کردستان-د.بیوار خنسی، قاموس الاعلام-شمس الدین سامی، Oil in the Middle East: by. S. h. longrigg......هتد)).

**گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوە لە بابەت نەوتی کەرکوك و کاریگەریەکانی لەسەر خاکی کوردستان لەماوەیەکی دیاریکراوی وەهادا بێکێشەوگرفت نابێت و زۆر ئاستەنگ دێتەپێشەوە، کە ڕەنگە هەندێك کات توێژەریان ساردکردبێتەوە،لە هەموشیان گرنگتر دەستنەکەوتنی بەڵگەنامەی پێویستە لە چۆنیەتی بردنی نەوتی کەرکوك بە درێژایی ئەوماوەیەو نەزانینی داهاتەکەی بۆ چەندلایەك، یاخود دەستنەکەوتنی و درەنگ دەستکەوتنی هەندێ سەرچاوەی گرنگی تایبەت بەبابەتەکە و لەگەڵ چەندین وردە کێشەی دیکەی کە دێنە بەردەم زۆر لە توێژینەوەکان. بەڵام ئەم ئاستەنگانە ماوەیەك کاریگەری خۆی کردووە، کە هەندێك وردەکاری لە شوێنی خۆیدا باس نەکرێتن.

**پەیکەری لێکۆڵینەوەکە:**

بەگشتی لە پێشەکییەك و دوو باس و ئەنجان پێکدێت، بەم شێوەیە:-

باسی یەکەم:((نەوتی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٢٦دا)): لەم تەوەرەیەدا باس لە شوێن و گرنگی نەوتی کەرکوك کراوە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ وڵاتە شەڕکەرەکان بەگشتی و بەریتانیا بە تایبەتی، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە هەموو ئەو ڕێککەوتنامەو پەیماننامە جیاوازانە کراوە کە تێیدا باس لە نەوتی کەرکوك کراوە لە نێوان وڵاتە زلهێزەکاندا تا گیشتوەتە ئەو ئاستەی هەر لەبەر نەوتی ئەم شارە بە پلەییەك خاکی کوردستان دابەشبکرێت و باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٢٦دا بلکێندرێت بە عێراقی عەرەبییەوە.

باسی دووەم: ((نەوتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٢٦تا ١٩٧٢)): لەم تەوەرەیەدا باس لە هەموو ئەو کۆمپانیانە کراوە کە پشکیان هەبووە لە نەوتی کەرکوك و لەگەڵیشیدا باس لەدەرهێنانی نەوتی کەرکوك کراوە بۆ یەکەمجار و لەگەڵ ناردنی نەوتی کەرکوك بۆ دەرەوە بەپێی ساڵە جیاوەزەکان گۆڕانی زۆری بەسەر بڕی داهاتەکەیدا هاتووە بەپێی ڕووداوە جیاوازەکانی جیهان و عێراق.

## باسی یەکەم

## نەوتی کەرکوک لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ – ١٩٢٦دا: نەوت لە نێوچەکانی کوردستان

لە دوای دۆزینەوە و ساغ بوونەوەی نەوت لە نێوچەکانی کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی, بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی نوێ هەژمار دەکران, بوونە هۆی سەرنج ڕاکێشانی وولاتە ئیمپریالییەکان و هێنانە کایەوەی قۆناغێکی نوێی ململانێ لە ساڵانی پێش جەنگ و سەروبەند و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکەش ببوە ئامانجی سەرەکیان.[١] باشترین وێنەش ووتەکانی (وینستۆن چەرچڵ)ە کەلە ساڵی ١٩١٣دا و لەئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا ئەوەی ڕاگەیاند کە "دوا پلانمان ئەوەیە وەزارەتی کاروباری دەریایی دەبێت خاوەن و بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆی پێداویستەکانمان بێت لە سوتەمەنی نەوت... دەبێت خاوەن یان بەلایەنی کەمەوە باڵا دەست بێ بەسەر سەرچاوە سروشتیەکانی ئەو نەوتەی کە پێویستمانە".[٢] لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت ئینگلیز دەیەوێت ببێت بە خاوەندی نەوتی دونیا یان هیچ نەبێت دەبێت کۆنترۆڵی بەشی زۆرینەی نەوت بکات,[٣] کە ناوچە نەوتەلانیەکانی کوردستان و کەرکوکیش بگرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە (پرۆفیسۆر نانس) جیوگرافی ناس لە ساڵی (١٩١٣)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە " دەبێ خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و باکوری سوریاو باکوری میزۆپۆتامیا دروشمی لەمەو دوامان بێت".[٤] هەر ئەمەش بوو وای لە کۆمپانیای نەوتی تورکی کرد بە پشتیوانی (ئینگلیز و ئەڵمانیا), لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤دا جیاوکی نەوتی کوردستان بە کەرکوکیشەوە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەرگرت، بەڵام ئەمە بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو, کە نەیتوانی بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگەوە دەست بە لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای نەوتدا بکات[٥].

کاتێك لە ڕۆژی (١٩١٤/٨/١)دا جەنگی یەکەمی جیهانی بەرپابوو و تا ساڵی ١٩١٨ درێژەی کێشا و ئەورووپاو ئاسیاو باکوری ئەفریقاشی گرتەوە, ئیدی ڕۆڵە ژیاریەکانی نەوت لە هەمو کاتێکی دیکە زیاتر دەرکەوت, چ لە بەکارهێنانی کارە مەدەنیەکان بێت یاخود لە بایەخی جەنگی و سیاسیە ستراتیژیەکانەوە بێت.[٦] هەر لەبەر ئەمەو چەند فاکتەرێکی دیکەی ئیمپریالیستی بوو کە پەیماننامەی نهێنی (سایکس – پیکۆ – سازەنۆف)[٧] لە ساڵی ١٩١٦دا، لە نێوان (بەریتانیا و فەرەنساو

---

[١] مەهدی محمد قادر: پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان, سلێمانی, ٢٠٠٥, ل٢٧.

[٢] محسن الموسوی: النفط العراق " دراسه وثائقية من منع الامتيازا حتى التاميم", بغداد, ١٩٧٣, ل١٤.

[٣] سەلام ناوخۆش: هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبیەوە, چاپخانەی ژیان, هەولێر, ٢٠٠٠, ل٨٤.

[٤] پ.ی. د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس: ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژووی, ئەکادیمی, کوردستان, هەولێر, ٢٠٠٦, ل٤.

[٥] د. عبدالله غفور: جوگرافیایی ئابوری نەفت لە کوردستاندا, ج١, ل٣٢.

[٦] صباح ذهب: البترول العربي الخام في سوق العالمية, القاهرة, ١٩٦٩, ل١٨.

[٧] یەکێکە لە ڕێککەوتنامە نهێنییەکانی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهان ، کە لە نێوان (١٥ – ١٧/مایسی /١٩١٦) دا هەردوو دیپلۆماسی ئینگلیزی مارك سایکس و چاڵدی جۆرج بیکۆی فەرەنسا لە پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ گەیشتنە

وروسیا)دا بەسترا، بەمەبەستی دابەشکردنی نێوچە گرنگ و پەترۆڵیەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە خوارووی کوردستان (وویلایەتی موسڵ) لەو دابەش بوونەدا دەکەوێتە نێو ناوچەو بەرژەوەندیەکانی فەرەنساوە.[1] هەرچەندە هەندێك پێیان وایە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا ناوچە نەوتەڵانیەکانی کەرکوکی کردبووە سەنتەری بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی[2]. واتە لە ویلایەتی موسڵدا باسی کەرکوك نەکرابوو بۆ فەرەنساو دواتریش هێزەکانی بەریتانیا لە دوای واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی و لە مانگی یازدەی ١٩١٨دا بە تەواوی ویلایەتی موسڵیان بە کەرکوکیشەوە داگیر کرد[3]. (کەمال مەجید) لەو بارەیەوە دەڵێت :" بوونی نەوتی کەرکوك سوپای ئینگلیزی هاندا کە ئاگر بەست بشکێنن و دەست بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا بگرن کە دەکەونە باشوری زێی خاپورەوە".[4] لە سەرەتاکانی داگیرکاری بەریتانیا لە کوردستان, چەند زانیاریەکیان لەلا کۆبووەوە کە ئاماژەیان بە بوونی نەوت دەکرد لە باشوری کوردستاندا, لە نێوچەیەکی گەورەی باکوری رۆژئاواوە بۆ باشوری رۆژهەڵات، کە لەم نێوچانەی خوارەوە درێژ دەبێتەوە:-

١- ناوچەی باشور کە لە مەندەلیەوە بۆ شاخی حەمرین درێژ دەبێتەوە.

٢- ناوچەی ناوەراست کەلە کفریەوە بۆ دوزخورماتوو درێژ دەبێتەوە.

٣- ناوچەی باکور کەلە کەرکوکەوە بۆ موسڵ درێژ دەبێتەوە, بەڵام دیاریترین بیرە نەوتیەکانی کەرکوك بریتین لە (بیری کەرکوك- بابەگورگور, بای حەسەن, کێڵگەی جەمبور[5]

ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان و ئەنجامەکانی تێکشکانی ئەڵمانیا لە جەنگدا و داگیر کردنی هێزی سوپای هاوپەیمانان بۆ ناوچەکە (ویلایەتی موسڵ) جێ پێی ئەڵمانیاکانی لاواز کرد و بەریتانیاو فەرەنسا جێگەیان گرتەوە. [6]واتە ئەڵمانیا لە هاوکێشەکە چووە دەرەوە و ئینگلیزو فەرەنسا لە لایەك و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە بۆ نەوتی وویلایەتی موسڵ و کەرکوك هەوڵیان دەدا,

---

ڕێککەوتن لەسەر پەیمانێك کە بەنێوی هەردوو نوێنەرەکەوە نێو نرا سایکس بیکۆ . پاشان چوونە ڕووسیا بۆ ئەو ڕێککەوتن نامەیە ڕووسیاش بەشدار بوو ناوەکەشی گۆڕدرا بۆ سایکس بیکۆ سازەنۆڤ . (پ.د.ئازاد نەقشبەندی ڕێککەوتن نامەی سایکس بیکۆ و کوردستان گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ٧، ئابی ١٩٩٨، ل٥ ؛ عەلی سیرنی: سایکس بیکۆ دەرئەنجامی سەرکەوتنی رۆژئاوا بوو بەسەر رۆژهەڵاتدا، گۆڤاری شانەدەر، ژ٩، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦، ل٢٧؛ احمد سید علی بەرزنجی: سایکس بیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، چ٢، چاپەمەنی سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٠ ).

[1] د. كمال مظهر احمد: اضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط, بغداد, ١٩٧٨, ل١٣٤.

[2] محەمەد سەعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا, چاپخانەی بەرهەم, سلێمانی, ٢٠٠٣, ل٢٥.

[3] پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری: شاری کەرکوك ١٩١٧-١٩٢٦, مەکتەبی بیروهۆشیاری, سلێمانی, ٢٠٠٧, ل٢٥٣.

[4] لنفط والاكراد" دراسة "علاقات العراقية – اسرائيلية – الكويتية" دار الحكمه, لندن, ١٩٩٧, ل١٤, پ.د, میم کومال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیایی مەسەلەی موسڵ ١٩١٨- ١٩٢٦, و. سەلام ناوخۆش, چاپخانەی خەبات, هەولێر, ٢٠٠٠, ل١١.

[5] د. فۆاد حمە خورشيد مصطفى: كركوك قلب كردستان, مطبوعات المديرية العامة للطباعة والنشر فی وزارة الثقافه, سليمانية, ٢٠٠٥, ل٨٦- ٩١.

[6] پ.ی. د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس: راستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژووی, ل٤.

هەرچەندە لەو کاتەدا بەریتانیا دەیویست ناکاتە هاوکێشەکەوەو تەنها خۆی بێت[١]. بەم شێوەیە دەردەکەوێت گرنگترین ئامانجەکانی جەنگی یەکەمی جیهان, دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان بوو لەسەر خواستی گەورە دەوڵەتان، کە لە ساڵانی جەنگدا چاویان تێبریبوو, بە پلەی یەکەمیش مومتەلەکاتی دەوڵەتی عوسمانی, کە لە چاوەروانی کاتێکی گونجاودا بوون بۆ کۆنترۆڵکردنی میراتەکانی, بەهۆی بایەخی ئەو مومتەلەکاتانە لە بواری ئابوری سەرچاوەی نەوتدا. [٢] ئەم ڕاستیە لە ڕاپۆرتێکی بەریتانیادا هاتووە:" گیانێکی زۆرمان لە جەنگی (١٩١٤- ١٩١٨)دا کردە گۆڕێ، ئامانجی بنەڕەتیمان هەبوو، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی بواری هیچ دەوڵەتێکی دوژمن نەدرێت, گەف لە ڕێگەکانی گواستنەوەی ئیمپراتۆریاکەمان بکات، هەروەها بەریتانیا بەرژەوندییەکی ئابوری زۆر فراوانی لەو دەڤەرەدا هەیە و گرنگترینیشیان کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوکە".[٣] (کرۆزن)یش لە کۆنگرەی هاوپەیمانانـدا لەبارەی نەوتەوە ئەوەی زیاتر سەلماند کە ووتی:" هاوپەیمانەکان بۆ سەرکەوتن مەلەیان لەسەر شەپۆلەکانی نەوتدا کرد".[٤] لە ووتەیەکی دیکەیدا دەڵێت:" گەیشتینە بەندەری سەرکەوتن لەسەر دەریایەکی پڕ نەوت".[٥] لەو ووتانەشدا وادیارە کرۆزن زیاتر مەبەستی ناوچە نەوتیەکانی ویلایەتی موسڵ بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی بووە.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بە ماوەیەکی زۆر کەم مەسەلەی نەوت هاتە کایەوە و خۆی لە بوارە سیاسیەکاندا چەسپاند و کارێکی زۆری کردە سەر گەلێ لە بوارەکان, لێرەوە بابەتی جیاوکی کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان ڕەنگی دایەوە بەسەر زۆر لە بابەتە سیاسیەکانی دوای جەنگ هەر جارەی بە ڕەنگێك خۆی دەسەپاند. [٦] بۆ نمونە کاتێك (لوید جۆرج) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا داوای لە (کلیمەنسۆ)ی سەرەك وەزیرانی فەرەنسا کرد, کە چاوبخشێنێتەوە بە پەیمانی سایکس پیکۆدا,کلیمەنسۆ ئامادەی خۆی نیشاندا, کە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ و فەلەستین چاویان پێدا بخشێنرێتەوە بەم مەرجانە:-

یەکەم// فەرەنسا بەشی خۆی لە ویلایەتی موسڵ وەرگرێت.

دووەم// بەریتانیا پشتگیری تەواوی فەرەنسا بکات لە هەموو گازندەکانی ووڵاتە یەکگرتووەکان.

سێیەم// ئەگەر کار بە سیستێمی ماندات(ئینتیداب) کرا, دەبێت ناوچەکانی (دیمەشق و

[١] د. محمد ازهر سعيد السماك و زكريا عبد الحميد باشا: اقتصاديات النفط و السياسة النفطية, ل١١٢.

[٢] د. جرجيس حسن: تركيا في ستراتيجية الامريكية سقوط الشاه, ط , ل٨٢؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی): نەوتی کوردستانی عێراق, بەشی دووەم, ل١٧.

[٣] السيد عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي الحديث, ج١, ط٧, مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة, بغداد, ١٩٨٩, ل٧٦؛ کامەران ئەحمەد محمد ئەمین (کامەران مەنتك): کوردستان لە نێوان ململانێی ناوچەیی و نێو دەوڵەتیدا ١٨٩٠ – ١٩٣٢, ل١٦٤- ١٦٥.

[٤] عبدالمجيد فهمي: دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية,ج٢ , ل٤٧.

[٥] وەلید شەریکە: کەرکوك (توێژینەوەیەکی جیۆ مێژوویی), گۆڤاری سەنتەری برایەتی, ژ(٢٥), هاوینی ٢٠٠١, ل١٥٣.

[٦] د. احمد عثمان ابو بكر: كوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا,و.محەمەد نوری توفیق، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٦.

حەلەب و ئەسکەندەرونەوە بەیروت), بخرێتە ژێر مانداتی فەرەنساوە.[١]

دیارە ئەم شێوازی دەست بەسەرداگرتنەش لە پاش شەڕ لە ئاکامیدا گەلێك لە ڕێکەوتنی تایبەت بە نەوت هاتە ئاراوە، گرنگترینیان ڕێککەوتنی "برسن میتۆڤسك"ی (٣ی مارسی ١٩١٨)، کە نێوچەکانی موسڵی پشکی فەرەنسا گواسترایەوە بۆ دەستی بەریتانیەکان.[٢] کە دواتر بەپێی ڕێککەوتنی (بیرنگەر – لونگ)ی (١٨ی نیسانی ١٩١٩) کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا واژۆ کرا و چەسپا، بەندی چوارەمی تەرخان کرابوو بەوەی کە فەرەنسا بەشە پشکەکەی ئەڵمانیای لە نەوتی ویلایەتی موسڵ پێ ببرێت کە بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی لەهەردوو وویلایەتی (موسڵ و بەغداد) بە ڕێژەی (٢٥٪)بوو. [٣] (کرزۆن) لەم بارەیەوە ووتویەتی:" بەیاننامەی ئەنگلۆ- فەرەنسی تارادەیەکی زۆر جێگەی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆی گرتەوە، چەکێکی گرنگ بوو بۆ بەریتانیا لە کاتی چارەسەرکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە".[٤] بۆیە لێرە بەدواوە بەریتانیا هەوڵیدا عێراق بخاتە ژێر مانداتی خۆیەوە و لەوێوە دەستی بگاتە پشکنینی بەردەوام و درێژەدان بە کردارەکانی نەوت دەرهێنای لە ناوچەکەدا. [٥]بۆ ئەم مەبەستەش لە بەهاری ١٩٢٠دا دەستی کرد بە ووتووێژ لەسەر نەوت و لە ٢٥ی نیسانی ١٩٢٠دا نوێنەرانی حکومەتی بەریتانیا و فەرەنسا لە (سان ڕیمۆ)ی ئیتالیا کۆبوونەوەو باس لە چارەسەری کێشەی نەوت لە نێوانیاندا کردو سەرەنجام ڕێککەوتننامەی سان ڕیمۆیان واژۆ کرد، کە بریتی بوو لە جێگرتنەوەی ڕێکەوتننامەکەی (برینجی- لونگ)، بووە مایەی دابین کردنی (٢٥٪) ئەو سەرمایەی لە کێڵگە نەوتیەکانی وویلایەتی موسڵ بۆ بەرهەمهێنان تەرخان دەکرێت لە بەرژەوەندی فەرەنسا بێت، بە مانایەکی دیکە ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر بەریتانیا بە تەنیاش ئەو کێڵگە نەوتانە وەبەرهەم بێنێ, دەبێت پشکی دیاریکراوی فەرەنسا بدات.[٦] لەم بارەیەوە (هنری فۆستر) لە پەرتوکەیدا دەربارەی نەوتی کوردستان دەڵێت:" کە فەرەنسیەکان دەستبەرداری وویلایەتی موسڵ بوون بەپێی پەیمانی سانریمۆ) ئینگلیزەکان لەبری ئەو دەست هەڵگرتنە لە ٢٥٪ی نەوتی کەرکوکیان بە فەرەنساییەکاندا کە هۆکارەکەشی دوو شت بوو. یەکەمیان: بۆ ئەوەی نەوتی میسۆپۆتامیا بە سانایی بگاتە سەر دەریای سپی کە ئەو کات سوریاو لوبنان بەدەست فەرەنسیەکانەوە بووە و تاقە ڕێگەیەك بووە بۆ ناردنی نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ سەر دەریا. دووەم: بۆ ئەوەی فەرەنسا پشتگیری ئینگلیزەکان بکا دژی تەقەلای ئەمریکا کە چاوی بڕیبووە نەوتی میسۆپۆتامیا [٧]". هەر لە کاتی

---

[١] پ.ی. د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس: راستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژووی, ل٥.

[٢] دریە عونی: عرب واكراد فصام ام وئام, دار الهلال, ١٩٩٣, ل٥٨.

[٣] د. احمد عثمان ابو بكر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا, و.محەمەد نوری توفیق، ل٢٠.

[٤] ابراهيم خليل احمد: ولايه الموصل " دراسه فی تطورها السياسية ١٩٠٨ – ١٩٢٢", رسالة ماجستير, مقدمه الى كلية الاداب جامعة بغداد, ١٩٨٥, ل٣٨.

[٥] د. نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەی ئەم ناوچەیە, و/ محەمەد مەلا کەریم, چ٢, دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٤،ل٥٠.

[٦] د. فاضل حسين: کێشەی ویلایەتی موسڵ, و/ محەمەد شاکەلی, چاپخانەی خاك, سلێمانی, ١٩٩, ل١٨؛ م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان, ب٢, جاف بریس, لەندەن, ١٩٩, ل٤٣٠.

[٧] وەرگیراوە لە /م.ر.هاوار : هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٢ .

بەستنی کۆنگرەی (سان ریمۆ)شدا بووە, ئەمریکا هۆشداری دایە بەریتانیا و داوای لێکرد کە دەبێت دەرفەت بۆ ئەمەریکا برەخسێ بۆ بەشداری لە بەکارهێنانی نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت (ودرۆ وولْسن)ی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا نامەیەکی ڕەخنە ئامێزی توندی ئاڕاستەی حکومەتی بەریتانیا کرد, کە تێیدا دەڵێت:" ئێوە دەخوازن پراکتیزە لە مۆدیلێکی بەسەرچویەکی جۆرە کۆلۆنیالیزمێکی کۆن بکەن".[١] لە دۆکیۆمێنتی ژمارە (١٤-٧٣٠)[٢]دا باسی کۆبونەوەکان دەکات کە لە رۆژانی (٢٥/ ٤/ ١٩٢٠, ٢١/ ٦/ ١٩٢٠, ١٥/ ١٢/ ١٩٢٠)دا کراون, نوسراوە:" ساتێك ئەمریکاییەکان بەو رێککەوتنەی[٣] فەرەنسا و ئینگلیزیان زانی نارەزایی خۆیان ئاشکرا کردو لە ئینگلیزیان گەیاند کە دەستگرتنی بەریتانیا بەسەر نەوتی ناوچەی کەرکوك و موسڵدا دژی بڕیارو بە لێنەکانی مەنداتەکە لەلایەن (کۆمەڵەیگەلان)ەوە کە بڕیاری لەسەر دراوە".[٤] بەم شێوەیە مەسەلەی نەوتی کەرکوك لە نێوان وولاتەو ئیمپریالیستەکاندا بە گشتی و بەریتانیاو فەڕەنسا بەتایبەتی یەکلابووەو مەسەلەی کوردیش لە بیرچۆوە، [٥] یاخود چووە قۆناغێکی دیکەی دژوار ترەوە.

لێرەوە دەردەکەوێت مێژووی ململانێ لە سەر سامانی نەوتی کوردستان بەگشتی و ناوچەکانی کەرکوك بەتایبەتی، دەگەرێتەوە بۆ پێش مێژووی لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقی تازە دامەزراوی ساڵی ١٩٢١[٦]. ئەگەر ململانێی بەریتانیا لە پێناوی بەدەستهێنانی نەوت یەکێك بوویێت لە فاکتەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و یەکێکیش بوبێت لە پاڵنەرەکانی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی و خستنە سەر شانۆی بوون، هەوڵی لکاندنی باشوری کوردستان کە زۆربەی زەوییەکانی ویلایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانی پێکدەهێنا بەو دەوڵەتە و بەوکردەوانەی کە ئەم هەرێمەی لە رووی ستراتیجی و سامانی نەوتی زۆرەوە کە پێیجیادەکرێتەوە.[٧] بەلای بەریتانیاوە رێگەی لابردنی گرفتەکانی بەردەم نەوتی ئەم ناوچەیە هێندە هەموار نەبوو، بۆیە لەندەن درێژەی بەو هەوڵانەی خۆیدا کە لە سەردەمی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە دەستی پێکردبوو، لە پێناو تێکدانی نەخشەی دابەشکردنی بەشەکانی بە رێژەی (٤٠./. بۆ ٦٠./.) لە نێوان سەرمایەی هۆڵەندا و بەریتانیادا، کە کۆمپانیایی (رۆیاڵ دۆچ شێل) بە جۆرێ بتوانێ بەشی ئینگلیزەکان لە بەشی

---

[١] مجلة (صين الجديده) انترنيت.. ٢٠٠٣/٢/٧) WWW. CHINA TODOY. ORG

[٢] ژمارە ١٤-٧٣٠ c.o.

[٣] مەبەست رێککەوتنی (سان ریمۆ)یە.

[٤] م. ر. هاوار: شیخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان, ب٢, ل٤٣١.

[٥] د. عبد الرحمن قاسلمو: کوردستان و کورد, و. عبدالله حەسەن زادە, بنکەی پێشەوا, ١٩٧٣, ل٨٢- ٨٣.

[٦] لە ٢٥ / تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ دا (سیر پرسی کوکس) حاکمی گشتی بەریتانیا کەدوای (ئارنۆڵد وڵسن) هاتە بەغداد ، حکومەتێکی عێراقی بەسەرۆکایەتی (عبدالرحمن گەیلانی) دامەزراند و خستیە ژێر چەپۆکی خۆی و دەستی کرد بە دراسەکردنی سروشتی ئەو حکومەتەی کەشیاوی ئەوەیە بەریتانیا لەژێر فەرمانڕەوایەتی (مەلیك فەیصەل) دابمەزرێنێ کەلە ٢٤/تەموزی / ١٩٢٠ دا لە وڵاتی سوریا دەرکراو بەپاڵپشتی و لایەنگیری بەریتانیەکان بووە پادشای هەردوو ولایەتی بەسرەو بەغدادی عێراق . (فۆاد حەمە خورشید: کەرکوك لە بەڵگەنامەکاندا، و.نەریمان عەبدولا خۆشناو، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧ ، ل٨٥..

[٧] د. فؤاد حمه خورشيد مصطفى: كركوك قلب كردستان,ل٨٤.

هۆڵندییەکان زیاتر بکات و سەرئەنجام کاروباری کومپانیاکە بە تەواوی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.[١] هەر بۆیە ژمارەیەك لە کاربەدەستی بەریتانیا باوەڕیان وابوو کە تێکەڵکێشکردنی کۆمپانیاکە لەگەڵ شێل لە وانەیە فرە جۆری وگۆڕان لە دۆخەکەدا دروست بکاو لەم ڕێگەیەوە لە تەوژمی مەترسیەکە کەم بکاتەوە, لەم گۆڕانانەشدا حکومەت دەتوانێت راوبۆچوونی خۆی بچەسپێنێت، کەلە مێژووە بەدوایدا دەچێت، واتا جڵەوکردنی شێل بەکردەوە بێتەدی.[٢] لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك ساڵی ١٩٢٢ (ریمون پوانکارە) بەووە سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا, پێشنیارەکەی (دیتەر دینگی) بۆ بەشداربوونی لە کۆمپانیای (رۆیالا دۆچ - شێل)ی تازە پێکهێنراو، دەبێت لەرووی کۆنترۆڵەوە لەسەدا سەد فەرەنسی بێت و بۆ ئەم مەبەستەش پوانکارە لە ساڵی ١٩٢٣دا پەنای بۆ زلهێزترین پیشەسازی فەرەنسا کۆلۆنیل (ئەرنست مرسیە) برد. ئەویش دەیگوت:" میسیۆپۆتامیا بەلای سەرمایەدارە فەرەنسیەکانەوە بەمەترسییەکی ئیجگار گەورەی پڕ لە گرفتی نێو دەوڵەتی دادەنرێ".[٣] لێرەدا بەدەر دەکەوێت فەرەنسا مەترسی هەبووە لە پشکی خۆی کە بەریتانیا بەڵێنی پێدابوو لە رێککەوتنی (سان ریمۆ)دا..... تورکیاش لە( ١١ی ئەپریلی ساڵی ١٩٢٣)دا لەسەر ئاستی ئەنجومەنەکەی گرنتی دایە (چیستەر)و گەشەی کۆمپانیای (ئەمریکی - عوسمانی) بەدەرکردنی بریارێکی نوێ و کاریگەر بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاسنی و قۆرخکردنی دەرهێنانی کانزاو بەردەوام بوون لەسەر. بەپێی ئەم بریارە هێڵەکە موسڵیشی دەگرتەوە کە (چیستەر) بونیادی هێڵەکەی لە بتلیسەوە درێژ دەبێتەوە بۆ موسڵ و کەرکوك و سلێمانی لە(باشوری کوردستان)، لەگەڵا مافی بەکارهێنانی ئەو نێوچانەی نەوتی تێدایە بە درێژایی (٢٠کم) لەهەریەك لەلاکانی هێڵەکە.[٤] ئەمەش مانای ململانێ نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لەلایەك و تورکیا و ئەمریکا لەلایەکی دیکەوە نیشاندەدا لەسەر نێوچە نەوتەڵانیەکانی وویلایەتی موسڵ و کەرکوك.

سەبارەت بە نەوتی عێراق بەگشتی و ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی لەندەن هەوڵی دەدا بەوەی کە دەست بەسەراگرتنی نەوت لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە بێت یاخود لەلایەن یەك دەوڵەتەوە بە هاوشانی ئەو وویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان) بکرێت بە بەشێك لە عێراق, کە ئەمەش بە هاوشانی ئەوە دەبێت کە ئایا ئەم دەوڵەتە نوێیە چەند لە توانایدا هەیە پارێزگاری لە سنوورە نەوتیەکانی بکات؟ چ بەلایەنی سەربازی بێت یاخود بە دروستکردنی تۆرێکی دبلۆماسی و سیاسیی پەیماننامەکان بێت و نەوت مایەوە بەوەی کە بەردێکی بناغە بێت لە دروستکردنی پەیوەندیەکانی (ئەنگلۆ – عێراق) کە تازە دروست ببوو.[٥] لەلایەکی دیکەشەوە یەکێکە لە ئامرازە

[١] دانیال بەرگین: نەوت و سیاسەتی نێو دەوڵەتان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(٤٠), ساڵی یازدەهەم, شوباتی ٢٠٠٣, ل٢٧٥.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٢٧٨.

[٣] هەمان سەرچاوە, ل٢٧٣ -٢٧٤.

[4] GREAT POWERS, OILAND THE KURDSIN MOSUL, BY: HABIBOLLAH AFTARODI, UNIVIERSITY PRSS OF AMERICA, 2003, P. 119.

[٥] دریە عونی: عرب واکراد, ل٦٢.

نهێنییەکانی پشتی ووتووێژەکانی نێوان تورکیاو بەریتانیا، کە لەبارەی چارەنوسی وویلایەتی موسڵ و چارەنووسی دەوڵەتی کوردستان لە نێوان هەردوو پەیماننامەی (سیڤر[١] و لۆزان.[٢] داوە،[٣] هیچ گومانیش لەوەدانییە کە بایەخدان بە نەوت، بووە هۆی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز لە (پەیمانی سیڤەر) کە بۆ کورد بە سوود بوو، لە بەرامبەردا پەیمانی لۆزان بەرهەمی تەقەلای ئینگلیز بوو بۆ هێشتنەوەی وویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان)بوو لە ناو چوارچێوەی عێراقدا، بە ئاشکراش ئەمە زیاتر بەدەردەکەوێت کاتێك کە ئەدمیراڵی دەریایی بەریتانیا لە ١٦/ ١١/ ١٩٢٣دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نووسیوێتی:" لە ماوەی چەند رۆژێکدا و بەر لە دەستپێکردنی گفتوگۆو ووتووێژ لە (لۆزان)دا خاڵێکی سەرەکی لە رووی ستراتیجیەوە ئەوەیە کە بەریتانیا دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ دەست بگرێت بەسەر ئەو ناوچانەدا کە نەوتی تێدایە). کاتێك تورکەکان هەستیان بەو بایەخپێدانەی ئینگلیز کرد بەرامبەر بە نەوتی وویلایەتی موسڵ ئیتر تورکەکان دەستیان کرد بە داواکردنەوەی وویلایەتی موسڵ و ئینگلیزەکان هەرجارێك لە وەڵامی ئەو داخوازیانەی تورکدا پێیان دەووتن:" هیچ پەیوەندیەك نیە لە نێوان نەوتی موسڵ لەگەڵا دەستنیشان کردنی چارەنووسی وویلایەتی موسڵدا کە پێویستە ئەو وویلایەتە بخرێتە ناو چوارچێوەی سنوری عێراقەوە".[٤] لە کۆتایشدا بۆچونی ئینگلیزەکان سەبارەت بە کێشەی وویلایەتی موسڵ و نەوتەکەی سەرکەوت بەسەر بۆچوونی تورکەکاندا، بێگومان مەسەلەی کوردیش نەیتوانی خۆی لە چنگ مەسەلەی نەوت رزگار بکات و بە دووربێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەوتە ژێر کاریگەریی توندی مەسەلەی نەوت و کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوتەوە، بەشێوەی راستەوخۆبێت یاخود ناڕاستەو خۆ، بە کورتیەکەی مەسەلەی کورد هەر لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستاش کەوتۆتە نێو چاڵە نەوتەکانی کوردستان بە گشتی و کەرکوك بەتایبەتی.

[١] پەیمانی سیڤەر: ئەم رێککەوتن نامەیە لەشاری سیڤەری نزیك پاریس لە ١٩٢٠/٨/١٠ دا لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی لەلایەك و هەریەکە لە (بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیاو یابان و ئەرمینیاو بەلجیکا و یۆنان و پۆڵۆنیا و پرتوگال و رۆمانیا و حیجاز و سرب و کروات و یوگوسلافیا و چکسلۆڤاکیا و ئەمریکا وەك چاودێر) واژۆکرا . کەپێك هاتبوو لە (٤٣٢) بەند و بەڵام بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ تایبەت بوون بە کوردستان و باسی مافی کوردی تیادا کرابوو . (د.کمال مظهر احمد : کردستان في سنوات حرب العالمية الاولى ، ت.محمد مەلاعبدالکریم ،ط٢ ، بغداد ، ١٩٨٤، ل٣٤٤، د.مارف عمر گول : پەیوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێو دەوڵەتانەوە چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ،ل١٠ ؛ کەنداڵ و عبدالرحمن قاسملو ....ئەوانی تر ،گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت (کورد و کوردستان) ، و.م.گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨ل١٠٦.

[٢] پەیمانی لۆزان : ئەم رێککەوتن نامەیە لەشاری لۆزانی سویسرا بەسترا ،بە بەشداربوونی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو یابان و یۆنان و رۆمانیاو یوگوسلافیا و هەردوو حکومەتی ئەستەمبوڵی عوسمانی و ئەنقەرەی تورکی . ئەم رێککەوتنە بەدوو قۆناغ تەواو بوو بەم شێوەیە ( قۆناغی یەکەم لە ١٩٢٢/١٠/٢٠ تا ١٩٢٣/٢/٤ ی خایاند ، قۆناغی دووەم لە ١٩٢٣/٤/٢٤ وە تا ١٩٢٣/٧/٢٤ ی خایاند )، بەڵام لەم رێککەوتنەدا بەهیچ جۆرێك باسی کوردی تیادا نەهاتووە و باسیش لە مافەکانی کورد نەکراوە . د.حامد محمود عیسا علی : المشکلة الکردیة في شرق الاوسط منذ بدایتها حتى سنە ١٩٩١، مطبعە متولی، القاهرة ١٩٩٢، ل٦٢؛ احمد باوەڕ: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هاوچەرخی کورد، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٢.

[٣] فؤاد حەمە خورشید: کرکوك قلب کردستان, ل٨٥.

[٤] م. ر. هاوار: شیخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان, ب٢, ل٤٣٥.

لەم سەروبەندەی ئەوەی کە لەهەموو شتێ زیاتر گرنگی پەیدا کرد، بریتی بوو لەوەی کە لێبراوانە ساغ بێتەوە ئایا لە ناوچەکانی عیراق بەگشتی و کەرکوك بە تایبەتی نەوت هەیە یان نا بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە، ساڵی ١٩٢٥ تیمێکی پشکنینی جیۆلۆجی کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی کۆمپانیای نەوتی(بەریتانیا و ئێران و رۆیاڵ دۆچ و کۆمپانیا ئەمریکاییەکان) سەردانی ناوچەکەی کرد. ئەگەرچی هێشتا پەیوەندی لەگەڵ گوڵبەنگیان لەبن بەستدا بوو، بەڵام تیمەکە بەگەرم و گوڕی کارەکانی خۆی ڕاپەراند و ئەندامێکی ئەمریکیی تیمەکە ڕاپۆرتێکی بۆ حکومەتی نیۆرك ناردو تێدا ووتوویەتی:" من هیچ شك نابەم کە ئومێدی گەشی بوونی دەرەنجامی هەڵکەندنی نەوتی لە عێراق "کەرکوك" زیاتر بێت".[١] لەم گۆشە نیگایانەوە, ئەو دانوستاندنەی کە لەنێوان نوێنەرانی کۆمپانیای نەوتی تورکیا و کاربەدەستانی عێراق ئەنجام دران زۆر خاوو پڕگرفت و بێ ئاکام بوون لە سەرەتاوە.[٢] بەڵام کۆمپانیای نەوتی (تورکی[٣] ) لە رۆژی (٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٤)دا دەستی کرد بە کرێگرتنی ناوچە نەوتیەکانی کەرکوك و لەرۆژی (٥ی ئازاری ١٩٢٥)دا جیاوکی دەرهێنانی نەوتی لە باشوری کوردستان، بۆ ماوەی (٧٥)[٤] ساڵ بەدەست هێنا.[٥] لە پاش ئەم گرێبەستەش هەندێ سەرمایەی (ئەمریکا و فەرەنسا) ش خرایە پاڵ کۆمپانیاکە، دەستی بەکارکردن کردو فەرمانگەکانی لە (بەغداو و توزخورماتوو کەرکوك) دانا.[٦] پێش کۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٢٥ کۆمپانیای بەریتانیایی کە بەشێکی باشی لە کۆمپانیای تورکی تێدا هەبوو دەستی کرد بە توێژینەوەی جیۆلۆجی و راکێشانی رێگەوبان باڵەخانەی پێویست. بەم شێوەیە لە سەرەتاوە کۆمپانیاکە (١٥٠) بەریتانیی و (٢٥٠٠) عێراقی بەکاردەهێنا, کارکردنیشی لە ناوچەی (نەوجول)ەوە دەستی پێکرد، کە دەکەوێتە باشوری کەرکوکەوە.[٧] لە ساڵی ١٩٢٦یشدا کۆمپانیاکە چەندین شوێنی دیکەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئیشی تێدا بکا,یەکێك لەو نێوچانەش (بابەگورگور)ی کەرکوك بوو،[٨] هۆکارەکەشی دۆزینەوەی بڕێکی زۆری نەوت بوو لەو کێڵگانەدا.[٩] لەلایەکی دیکەشەوە دۆزینەوەی نەوت بەو بڕە زۆرە لە نێوچەکانی کەرکوك، فاکتەری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی لەهەمان ساڵدا باشوری کوردستان بخرێتە سەر عێراق[١٠].

---

[١] دانیال بەرگین: نەوت و سیاسەتی نێو دەوڵەتان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا,ل٣٠٣.

[٢] هەمان سەرچاوە,ل٢٢٩.

[3] TPC.

[٤] هەندێك لایان وایە کۆمپانیاکە لەسەرەتاوە جیاوکی نەوتی بۆ ماوەی (٣) ساڵ وەرگرتووە. (دڵسۆز: نەوتی عێراق لە بیرەوە تا دەریا, گۆڤاری گەلاوێژ, ژ (٦) , ساڵی هەشتەم, حوزەیرانی ١٩٤٧, ل٢٤.

[٥] فؤاد حەمە خورشید: کرکوك قلب کردستان, ل٨٦

[٦] دڵسۆز: نەوتی عێراق لە بیرەوە تا دەریا, گۆڤاری گەلاوێژ,ل٢٤.

[٧] د. نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك, و. مەریوان حوسێن چیمەنی, ل٣١- ٣٢.

[٨] عەلائەدین سوجادی: گەشتێك بە کوردستانا, چاپخانەی مەعاریف, ١٩٥٦, ل٨١- ٨٢

[٩] د. نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك,و.مەریوان حوسێن چیمەنی,ل٧.

[١٠] محمد سەعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا, چاپخانەی بەرهەم, سلێمانی, ٢٠٠٣,ل١٩

## باسی دووەم

## نەوتی کەرکوک لە ساڵی ١٩٢٦ تا ١٩٧٢

کاتێك وویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان) لە باکوری کوردستان جیاکرایەوە و خرایە سەر عێراقی عەرەبی،[١] کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان (تورکیا و عێراق و بەریتانیا) بەستراو لە رۆژی (٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦)دا پەیمانێك لە نێوانیاندا واژۆ کرا، بەپێی ئەو پەیمانە تورکیا بە فەرمی دەستبەرداری (وویلایەتی موسڵ) بوو، لە بەرامبەر ئەم کارەشدا لە سەدا دەی (١٠٪)ی سودی نەوتی دەرهێنراوی ناوچەی موسڵ و بەغداد وەردەگرێت بۆ ماوەی بیست و پێنج (٢٥) ساڵ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رێککەوتننامەیە بۆ کۆمپانیا ئەمریکیەکانیش (٢٣،٧٥٪)ی پشکی هەبێ لە کۆمپانیای نەوتی تورکیادا, هەروەها کۆمپانیاکانی فەرەنسا و کۆمپانیای هۆڵەندی و کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی فارس، هەریەکە بە رێژەی (٢٣, ٧٥٪) پشکیان هەبێت و لە (٥٪) بەشی (مستەر کوڵبنکیانی[٢] ئەرمەنی بێت.)[٣]

(عبدالرزاق الحسنی)یش لەو بارەیەوە نووسیویەتی:" حکومەتی عێراق بۆی روون بووەوە کە کۆمەڵەی گەلان، رێگە بە وویلایەتی موسڵ نادات کە وەك بە شێکی عێراق بمێنێتەوە ئەگەر بێتوو جیاوکی گەڕان و پشکنین بە کۆمپانیای نەوتی تورکی[٤] لە هەردوو ویلایەتی موسڵ و بەغداد نەبەخشی".[٥] پاش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، کۆمپانیاکانی (بەریتانیاو فەرەنسا و هۆڵەندا و تورکیاو عێراق)، کەوتنە پشکنینی بەردەوام بۆ تەواو ساغبوونەوەی نەوتی نێوچەکانی (وویلایەتی موسڵ - باشوری کوردستان)، دوای دەرکەوتنی نەوتێکی زۆر لە کەرکوك، (تیگل) بۆی دەرکەوت کە هیچ رێگە چارەیەکی نییە، جگە لە سازش کردن لەگەڵا (گوڵبەنگیان) و بەدڵی ئەم رێگە چارەیەك بدۆزینەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوە بوو کە گەیشتونەتە ئەو دەرەنجامەی کە لە رووی بازرگانییەوە لەمە زیاتر دواخستنی رەوا نییە، هاوکات دانوستاندن لەگەڵ گوڵبەنگیانیش دەستی پێکردەوە و تیگل بە ورياییەوە چرای سەوزی نیشتمانی ناوبراودا سەرەنجام سیمای رێککەوتنی دەرهێنانی نەوت دەرکەوت.[٦] ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە شوێنی نەوتی

---

[١] لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کورکوك, ب١, ل٨٨- ٨٩

[٢] کالۆس سەرکیس کۆڵبنکیان, خەڵکی شاری (تالاس)ی ئەنادۆڵە و بەرەگەز ئەرمەنیە, کۆلێجی پاشایەتی بەریتانیایی تەواو کردووە, یەکێك بووە لە راوێژکارە دڵسۆزەکانی بەریتانیا لە دەوڵەتی عوسمانیدا. لە ناوەندی دارایی عوسمانیدا کاریکردووە و بە (مستەر سەدی پێنج mr. five percent – ناسرابوو, ئەم پیاوە خزمەتێکی گەورەی بەریتانیەکانی کردووە لە بواری وەرگرتنی مافی گەڕان و پشکنینی نەوتی عێراق, لە ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردوە.( حکمت سامی سليمان: نفط العراق, الحرية للطباعة والنشر, بغداد, ١٩٧٩, ل٧٣- ٧٣).

[٣] عبدالرزاف الحسنی: العراق قديما و حديثا, مطبعة عدنان, سوريا, صيدا, ١٩٥٦, ل٥٦- ٥٨.

[٤] ئەم کۆمپانیایە لە ساڵە ١٩٢٦ دا دامەزراوە. (توێژەر).

[٥] وەرگیراوە لە / فەیسەڵ عەلی: ئابوری نەوت لە کەورکوك, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(٤٠), ساڵی سیازدەهەم, شوباتی ٢٠٠٣. ل٣١٦.

[٦]. دانیال بەرگین: نەوت و سیاسەتی نێو دەوڵەتان لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا, و.کەمال رەشید شەریف, ل٣٠٤.

کەرکووك رۆڵی سەرەکی بینیووە لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان) بە عێراقی عەرەبیەوەو بەمەش دەردەکەوێت نەوت هۆکارێکی سەرەکی دابەشبوونی خاکی کوردستان و نەبوونی کیانێکی کوردی لە باشووری کوردستان.

کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ساڵی (١٩٢٧)دا دەستی بەهەڵکەندنی بیر لە چەند ناوچەیەکی جودای کەرکوك کرد[١]. سەرەنجام لە یەکێك لە نێوچەکانی بیر هەڵکەندن بە ناوی بابە گوڕگوڕ، کە دەکەوێتە (١٠- ١١) کیلۆمەتری باکوری رۆژهەڵاتی شاری کەرکوك،[٢] تێبینی کرا نزیکەی (٣٠) کون(چاڵ) لە زەوی ناوچەکەدا هەیەو ماوەی هەزاران ساڵە گازی سروشتی لێدێتە دەرەوە و هەمیشە دەسوتێت .... هەر لەم جێگایەدا کاتژمێر ٣ی پاش نیوەرۆی رۆژی (١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧)، لە بیریی ژمارە یەکی بابەگوڕگوڕو لە قوڵایی (١٥٢١) پێدا، تەقینەوەیەکی ترسناك روویدا کە لە سەرتاسەری دەشتایی ئەو دەورو بەرەیەدا دەنگی دایەوە. پاش تەقینەوەکە نافورەیەکی(٥٠)پێی واتا(٢٥م)نەوت بەرزبووبووەوە و لە ئەسکەلەی بیر هەڵکەندنەکەی گرتەوەو لەگەڵ خۆیدا بەردی قوڵایی نێو زەویشی فرێدایە دەرەوە و تەواوی ئەو دەوروبەرەی بە جارێ نەوتاوی کرد و نشێوەکانی پڕ گازی ژەهراوی کرد. بەم شێوەیە فیچقە کردنی نەوت و گازی ژەهراوی، مەترسی لەسەر گوندەکانی ناوچەکە دروست کرد و خودی کەرکوکیش کەوتە مەترسیەوە، [٣] چونکە وەرزی زستان بوو. ئەگەر لەو ماوەیەدا باران بباریایە ئەوا نەوتەکە لەگەڵا ئاوی زێی بچوکدا تێکەڵا دەبوو، بەمەش ئاوی رووباری دیجلە تا (شط العرب) دەبووە نەوتی رەش.[٤] بۆیە بەهەوڵ و تەقەلای پسپۆرو کارمەندانی نەوت و دەسەڵاتدارانی کەرکوك (٧٠٠) کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە ئامادەکرا تا دەست بە دروستکردنی دیوارو هەڵکەندنی حەوزی بچوك بچوك بکەن و رێ لە بەفیرۆ رۆیشتنی نەوتی خاو بگرن، سەرەنجام پاش (٨) رۆژ توانرا کۆنترۆڵی ئەو بیرە سەرکێشە بکرێت، بە درێژایی ئەو ماوەیە تا داخستنی سەری بیرەکە، رۆژانە (٨٠ بۆ ٩٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە و بیرەوە هەڵدەقوڵایە سەر زەوی.[٥] ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دەریاچەیەکی نەوت کە رووبەرەکەی (١٠٠٠پێ) دەبوو.[٦] لێرەوە نەوتی کەرکوك گەیشتە ئەو ئاستەی کە بۆ بازرگانی دەشێت، ئەمەش زیاتر وایکرد باشووری کوردستان بە عێراقەوە بهێڵدرێتەوەو عێراق دەستبەرداری نەبێت.[٧]

لەلایەکی دیکەوە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٧ بۆ ١٩٣٧) کاری سەرەکی کۆمپانیای نەوت

---

[١] د. احمد نجيب: دراسات فى جغرافية العراق الصناعية, بغداد, ١٩٧٥, ل١٣٦.
[٢] مجموعەالباحثين: كركوك مدينه القوميات المتاخية, لمركز كربلاء للبحوث والدراسات لندن/ المملكة المتحده, ٢٠٠٢, ل٦٢١.
[٣] دانیال بەرگین: نەوت و سیاسەتی نێو دەوڵەتان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا,ل٣٠٤- ٣٠٥.
[٤] گولەر سیامەنسوری: کەرکوك شاری ئاگری هەمیشەیی, گۆڤاری هاواری کەرکوك, ژ(٢),کانوونی یەکەمی ١٩٩٨, ل٣٧- ٣٨.
[٥] دانیال بەرگین: نەوت و سیاسەتی نیو دەوڵەتان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا, ل٣٠٤- ٣٠٥.
[٦] سیامەنسوری: کەرکوك شاری ئاگری هەمیشەیی, گۆڤاری هاواری کەرکوك, ژ(٢) , ل٣٨.
[٧] د. عبداللە غەفور: جوگرافیایی ئابوری نەفت لە کوردستاندا, چ٢, ل٧٢.

بریتی بوو لە چاڵ هەڵکەندن و لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی ئامادەکردنی پێویستیەکانی دیکەی وەك کۆگا دروست کردن و وەرشەی کارو خانوو کردنەوە بۆ ئەوانەی لەوێ کاریان دەکرد، بەتایبەت بۆ کرێکار و کارمەندە بێگانەکان. [1] واتە سیاسەتی ئەوکات بە جۆرێك بوو کە ڕۆڵێکی فراوان نەدرێ بە ڕۆڵەکانی کورد و تورکمانی ناو کەرکوك و دەشتی گەرمیان بڕن بە کارکەر، بەڵکە لە بەغداد و بەسەرەوزە نۆکەرانی سەر سپردەی خۆیان هەڵئەبژارد و لە کورد و تورکمان و ئاسوری و عەرەب و فارس، کە پشتیان کردبووە رەگەزی خۆیان، ئەوانەیان هێنا لە کۆمپانیای نەوت دایانمەزراندن، شارێکیان بۆیان دروست کرد بە ناوی (ئەرافە – عەرەفە) بە یادی کۆنی (ئەرەبخا)وە، بەڵام عەرەبی حەویجە کۆچەرو دەوار نشین بوون, لێیان دەترسان، لەبەر ئەوە پاسەوانی کۆمپانیای نەوتیان سپارد بە (شێخ حەسەن عاصی عەلی)ی ناوێك، کە ئەویش دەیزانی کوڕانی حەویجە لێیان ناوەشێتەوەو پاسەوانی بکەن، بۆیە سپاردی بە کورد و تورکمانەکانی ناوچەکە بە خاترانە بێت یاخود بە بەرتیل. [2]

ڕۆژی (٣١ی تەمموزی ١٩٢٨), واتە پاش نۆمانگ لە یەکەمین هەڵقوڵانی نەوتی کەرکوك، پەیمانێك واژۆ کراو هەریەکە لە کۆمپانیای (ڕۆیاڵ دۆچ – شێل) و کۆمپانیای نەوتی (بەریتانیا – ئێرانی) و کۆمپانیای نەوتی فەرەنسا و کۆمپانیای پەرەپێدانی نەوتی خۆرهەڵاتی نزیك، کە ئەم جارەیان بە نوێنەرایەتی کۆمپانیای ئەمریکیەکان پێك هێنرابوو. [3] هەر لە ژێر فشاری ئەمریکایەکانیشدا بوو بەریتانیا ناچار بوو سەر لە نوێ پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی دابەش بکاتەوە, بەم شێوەیە:-

یەکەم:کۆمپانیای نەوتی تورکی ( ئەنگلۆ – تورکی) ڕێژەی سەدی (٢٣,٧٥).

دووەم: کۆمپانیای نەوتی (ڕۆیاڵ دۆچ – شێڵ)ی (بەریتانی – هۆڵەندی) بە ڕێژەی سەدی (٢٣,٧٥). [4]

سێیەم: کۆمپانیای نەوتی (فەڕنسی/ فەرەنسا) بە ڕێژەی (٢٣,٧٥).

چوارەم: کۆمپانیای سەرمایەگوزاری خۆرهەڵاتی نزیك (کۆمەڵی کۆمپانیای ئەمریکا) بە ڕێژەی (٢٣,٧٥)

پێنجەم: کۆمپانیای هاوکاری سەرمایە گوزاری سنوردار (گوڵبنگیات) ٥٪. [5]

بەڵام دواتر لە (٨ ی حوزەیرانی ١٩٢٩)دا ناوی (کۆمپانیای نەوتی تورکی) گۆڕدرا بە (کۆمپانیای

[1] د. نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە, و/ محمد مەلا کەریم, چ٢, دەزگای ئاراس, هەولێر, ٢٠٠٤, ل٤٩.

[2] کوردێکی مێژوو نوس: کەرکوك (ناوی – مێژووی کۆنی- دانیشتوانی- دەسەڵاتەکانی), گۆڤاری هاواری کەرکوك, ژ (٢)، کانوونی یەکەمی١٩٩٨, ل٢٩.

[3] دانیال بەرگین: نەوت و سیاسەتی نێو دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, ل٣٠٥.

[4] لەبەرئەوەی سەرمایەی هۆڵەندا لە کۆمپانیای (ڕۆیاڵ دۆچ – شێل) لە ژێر نفوزی سەرمایەی بەریتانیادا بوو, کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانیا زیاتر لە نیوەی (٥٢،٥٪)ی سەرمایەی کۆمپانیاکەیان بەدەستەوە گرتبوو, هەر بۆیەش بەسەر کۆمپانیای نەوتی عێراقدا زاڵبوون. (د. عبدالرحمن قاسملو: کوردستان وکورد, و/ عبدالله حسن زادە, ل٨٢.

[5] د. محمد ازهر سعید السماك و زکریا عبد الحمید باشا: اقتصادیات النفط و السیاسة النفطیة, ل٣٣٤.

نەوتی سنورداری عێراق – ئای. پی. سی).[١] شاری کەرکوك بوو بە بارەگای سەرەکی ئەم کۆمپانیایە و ئەمەش هەنگاوی یەکەم بوو بۆ بەعەرەب کردنی ئەم شارە، لە کاتێکدا کۆمپانیاکە پێویستی بەدەستی کارکەر هەبوو، عەرەب بەشی زۆرینەیان پێکدەهێنا. [٢]لەلایەکی دیکەوە هەر لە ساڵی ١٩٢٩)دا بوو کە لە نێوچەی ژمارە هەشتی[٣] چاڵگە نەوتیەکانی کەرکوك، یەکەم پاڵاوگەی نەوت لەم ناوچەیەدا بۆ جیاکردنەوەی بەروبومەکانی نەوت بەناوی (پاڵاوگەی باوە گوڕگوڕ)ەوە دامەزرا. [٤]پاش ئەم پاڵاوگەیە هەوڵەکانی بەریتانیا لە پێناو پێشخستنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی وای کرد لە ساڵی ١٩٣٢دا لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیای نەوتی عێراقدا پەیمانێك لەبارەی نەوتی موسڵ بە کەرکوکیشەوە واژۆ بکرێت، کە ماوەی کارکردنی تا ساڵی ٢٠٠٧ درێژەی هەبێت. [٥]ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات نەوتی کەرکوك، فاکتەری سەرەکی بووە لە لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، کە داڕێژەری ئەو پیلانەش وڵاتە ئیمپریالیستەکان بوون.

بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوتی عێراق، بۆیەکەم جار لە مایسی ساڵی ١٩٣٤دا دەستی کرد بە ناردنی نەوتی کەرکوك لە کێڵگە نەوتیەکانی (سارەلو، باوەگور گور، هەنجیرە)ەوە بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی بازرگانی لە ڕێگەی (کەناری دەریایی ناوەراست و حەیفا و تەرابلوس) بە بڕی (٥٠٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. [٦] لە ساڵی ١٩٣٥دا ناردنە دەرەوەی نەوتی کەرکوك بە هێڵێکی جووت لوولەیی لە کەرکوکەوە کرایەوە بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو بۆ بەندەرەکانی (حەیفاو ترابلوس) لەسەر کەناری دەریای سپی ناوەراست، کە هێڵی (کەرکوك – حەیفا) درێژییەکەی (١٠٠٨) کیلۆمەترەو هێڵی (کەرکوك – ترابلوس)یش درێژییەکەی (٨٥٠) کیلۆمەترە، بەم شێوەیە بەرهەمە ناردەنی نەوتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٣٥دا گەیشتە (٤ملیۆن) تەن، کە نێردرابووە بازارەکانی ئەوروپا.[٧] لێرەوە بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك لە نێوان ساڵانی (١٩٣٤ ) بۆ (١٩٣٨) بەروە زیاد بون دەچوو بە هۆی (دۆزینەوەی بیری زیاتر لەو مەیدانە و باشتر بوونی کەرەسە رەستەی دەرهێنان و گەشەسەندنی پیشەسازی ڕۆژئاوا و پێداویستی زیاتر بەنەوتی خاو لە جیهاندا و پەیدا بوونی بازاری نوێ)[٨] و بەرەو پێش چوونی تەکنیکی پرۆسەی بەرهەمهێنان کە لە (٩٦٪) ملیۆن تەنەوە هەڵکشا بۆ

---

[١] د. محمد ازهر سعيد السماك و زكريا عبد الحميد باشا: اقتصاديات النفط و السياسة النفطية, ل٨؛ لەتيف فاتح فەرەج: كوردو كوركوك, ب١, ل٨٩.

[٢] فؤاد حەمە خورشيد: كركوك قلب كردستان, ل٨٦.

[٣] ئەم بيرە نزيك شارى (دوبزە)و بەهاران خەڵكى بۆ سەيران ڕووى تێدەكەن, كە ناوى بە (نمرە هەشت) لە نێو خەڵكدا دێت. (توێژەر).

[٤] فەرهاد هەمزە محەمەد: مێژووى نەوتى كەركوك, گۆڤارى بانە ڕۆژ, ژ(١١), كانونى دووەمى ٢٠٠٥, ل٢٣.

[٥] د. عبدالرحمن قاسملو: كوردستان وكورد, و/ عبدالله حسن زادە, ل٨١.

[٦] د. عبدالله غفور: جوگرافيايى ئابورى نەفت لە كوردستاندا, چ٢, ل٦٤, ٧٢؛ د. محمد ازهر سعيد السماك و اخرون: جغرافيە الموارد الطبيعية, جامعە الموصل, ١٩٨٢, ل٦٩.

[٧] لەتيف فاتح فەرەج: كوردو كەركوك, ب١, ل٨٩, د. نورى تاڵەبانى: ناوچەى كەركوك و هەوڵى گۆڕينى بارى نەتەوەيى,و.مەريوان حوسين چيمەنى, ل٤٩- ٥٠.

[٨] كمال مجيد: نفط والاكراد, ل٢٠.

(٤،١٦) مليۆن تەن. بەڵام لە ساڵی (١٩٣٩)وە بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانیەوە بری بەرهەمهێنانی داکشا بۆ (٣،٨١) مليۆن تەن و لە ساڵی (١٩٤١)دا دوو هێندەی دیکە ه اتە خوارەوە، بەهۆی بزوتنەوەی (ڕەشید عالی گەیلانی)یەوە و گەیشتە (١،٣٨) ملیۆن تەن، بەڵام پاش ئەوە بەرە بەرە رووی لە هەڵکشان کردەوە تا کو ساڵی (١٩٤٥) بڕی بەرهەمەکەی چووەوە دۆخی جارانی پێش جەنگ و گەیشتەو (٤،٣٤) ملیۆن تەن. هەڵکشانی بەرهەمی نەوتی کەرکوک تا ساڵی (١٩٤٧) بەردەوامی بوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٤٨)دا بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و داخستنی لولەی نەوت گواستنەوەی (کەرکوک – حەیفا)، بری بەرهەمی نەوتەکەی لە (٤،٤٠) ملیۆن تەن لە ساڵی ١٩٤٧ دابەزی بۆ (٣،١٠) ملیۆن تەن لە ساڵی ١٩٤٨دا.(١) ئەم هەڵبەزو دابەزی بەرهەمهێنانانەی نەوت ڕۆژانە، بووە وێنەی ئەو دیاردەیە لە پێنج ساڵی یەکەم ساڵ لەدوای ساڵ زیادی دەکرد کەچی لە ساڵی شەشەم هەتا دەیەم کەمی کرد. پاشان نەك هەر هاتە دۆخی جارانی بەڵکە سێ ئەوەندە لە هی ساڵی یەکەمی تێپەراند. ئەمەش فاکتەرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونی کاروانی تانکەر لە نێوان بەندەرەکانی نەوتی لە سەر کەناری ڕۆژهەلاتی دەریای نێوەند (تەرابلوس– حەیفا- لازیقیە) و کەنداو (ئابادان، خەرك)، لەبەر نەبوونی بێخەمی رێگەی دەریایی، لە ئەنجامی شەڕی دووەمی جیهاندا, بازاڕی نەوت لە ئەوروپادا، شەڕو هەلای ناوخۆی کوردستان و وولاتانی دەوروبەری، نابووت بوونی ئابوری وولاتە پیشە سازییەکانی ڕۆژئاوا و هۆکاری تر. (٢)

لە ساڵی (١٩٥٠)دا هێڵی دووەمی (کەرکوک – تەرابلوس) تەواو بوو و کرایەوە توانی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە داخستنی هێڵی (کەرکوک – حەیفا) دروستی کردبوو، بڕی هەناردەی نەوتی کەرکوکیش دوو هێندەی ساڵی ١٩٤٩ زیادی کرد و گەیشتە (٦,١٦) ملیۆن تەن.(٣) بە گشتیش لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠ – ١٩٥٤)یش بڕی ناردەنی هەر (٦) ملیۆن تەن بوو.(٤) ماوەی نێوان (١٩٥٠) تا (١٩٧٢)یش چەندین گۆرانکاری گەورەی ئابوری و سیاسی ڕوویدا کە کاریگەری دیاری لەسەر قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك هەبوو لەوانە:-

١- لە ساڵی (١٩٥١)دا بری بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك رووی لە هەڵکشان کرد، دوای ئەوەی حکومەتی (د. موسەدەوق) (٥) کۆمپانیا بیانیەکانی لە ئێران خۆماڵی کرد.

(١) فەیسەڵ عەلی: ئابوری نەوت لە کەورکوك, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ٤٠, ساڵی سیازدەهەم, شوباتی ٢٠٠٣. ل٣٢٢.

(٢) د. عبدالله غەفور: جوگرافیایی ئابوری نەفت لە کوردستاندا, چ٢, ل٦٥.

(٣) فەیسەڵ عەلی: ئابوری نەوت لە کەورکوك,ل ٣٢٣.

(٤) بیوار خنسی: اعزام النفط فی کردستان, انترنیت, ١٠/ ٤/ ٢٠٠٤.

(٥) دکتۆر مسەدەق : ناسراو بە (مصدق السلطنە ١٨٧٩ – ١٩٦٧ ) کوڕی میرزا هیدایەت ئاشتیانی خەزنەداری دەرباری ناسرەدین شای قاجارە، لەبنەماڵەیەکی موڵکدار هاتۆتە دنیاوە و لە مێژووی ئێراندا بە پیاوێکی ڕاستگۆ و دەست و داوێن پاك و ناسیۆنالیستێکی دروستکار ناسراوە . لە ساڵی ١٩٠٦ وە چۆتە مەیدانی سیاسەت کاری و ساڵی ١٩١٤ لە سویسرا دکتۆرای لە زانستی یاساو ڕمیاری وەرگرتووە ، لەهەردوو قۆناغی قاجاری و پەهلەویدا پلەو پایەی سیاسی دیتووە و بەتوندی دژی دیکتاتۆریەتی ڕەزاشا وەستاوە، لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی ڕەزاشا هاتەوەسەرشانۆی سیاسی و بووە سەمبولی ئەو ئەو بلۆکەی لە مەجلیسدا دژی جیاوکە نەوتیە نوێیەکان ڕاوەستان ، تا لەگەڵ پەرەسەندنی

٢- لە ساڵی (١٩٥٢)دا بە هۆی کردنەوەی هێڵی نەوت گواستنەوەی (کەرکوك - بانیاس) بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك بەرزبۆوە بۆ ( ١٥,١٥) ملیۆن تەن.

٣- لە ساڵە (١٩٥٣)دا بەهۆی دۆزینەوەی نەوت لە هەردوو ناوچەی چەمە بۆر و بای حەسەن بری بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك زیادی کرد بۆ (٢٢,٨٦) ملیۆن تەن. [١]

٤- لە ساڵی (١٩٥٥)دا بەهۆی گرێدانی کێڵگە نەوتیەکانی چەمە بۆر بە کەرکوك و بەگەڕ خستنی (٤٤) چاڵەی نەوت لە چاڵە نەوتیەکانی کەرکوك، بەرهەمی نەوتی کەرکوك گەیشتە ( ٢٤,٢٠) ملیۆن تەن. [٢]

٥- لە ساڵی (١٩٥٦)دا بە هۆی شەڕی نێوان (بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسرائیل) لە دژی میسر بری بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك دابەزی بۆ (٢١,٨) ملیۆن تەن.

٦- لە ساڵی (١٩٥٧)دا بەهۆی ناکۆکی نێوان سوریاو عێراق سەبارەت بە کرێی لوولە نەوتیەکان و داخستنی لولە نەوتیەکانی عێراق لەلایەن سوریاوە، بڕی بەرهەمهێنانی لە کەرکوك دابەزی بۆ (١١,٦٥) ملیۆن تەن.

٧- لە ساڵی ١٩٥٨دا بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە زیادبوونوون کردوو گەیشتە (٢٢,٦٣) ملیۆن تەن، لەساڵی ١٩٥٩دا گەیشتە (٢٧,٦٣) ملیۆن تەن. لەساڵی ١٩٦٠دا بەهۆی کردنەوەی هێڵی لولەی نەوت گواستنەوەی (کەرکوك - تەرابلوس) بڕی بەرهەمهێنان (٤٦) ملیۆن تەن بووە، هەر لە هەمان ساڵدا بڕی ناردەنی نەوتی کەرکوك گەیشتە (٣٣,٨٤) ملیۆن تەن.

٨- لەساڵانی (١٩٦١و ١٩٦٢) ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق تاڕادەیەك جێگیر بوو, هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی یاسای ژمارە (٨٠)ە ساڵی ١٩٦١. کە ڕووبەری (٩٩،٥٪)ی ئەو زەویانەیی وەرگرتەوە کە کۆمپانیاکان مافی گەڕان و پشکنینیان وەرگرتبوو، نەوتی کەرکوکی کەمتر گرتەوە, چونکە ڕێژەی زیاد بوونی ساڵانەی بەرهەمی کەرکوك لە چاو ساڵانی پێشوودا کەمتر بوو.

٩- لە ساڵی (١٩٦٦)دا بەهۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان کۆمپانیای نەوتی عێراق و حکومەتی سوریا، بڕی هەناردەی نەوتی کەرکوك زیاتر لە یەك ملیۆن تەن هاتە خوارێ.

١٠- لە ساڵی (١٩٦٧)دا بەهۆی هەڵگیرسانی شەری (عەرەب - ئیسرائیل) هەناردەی نەوتی کەرکوك بۆ بازاڕەکانی جیهان بۆ ماوەیەك ڕاگیرا. بەمەش بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك لە (٤٢, ٦٧) ملیۆن تەنەوە دابەزی بۆ (٣٧, ٢٦) ملیۆن تەن. [٣]

---

ڕووداوەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی قوڵ بوونەوەی کێشەی نێوان حکومەتی ئێرانی کۆمپانیای (ئێران - ئینگلیزیدا) بەخێرایی ڕووە و لوتکە کشاو بووە قارەمانی جوڵانەوەی خۆماڵی کردنی نەوتی ئێران و خەباتی دژی دیکتاتۆریەتی ئیمپریالیزمی بەریتانی . (د.یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩ ، سەردەم ،سلێمانی، ٢٠٠٣ ،ل٢٥٤

[١] فەیسەڵ عەلی: ئابوری نەوت لە کەرکوك,ل٣٢٣- ٣٢٤.

[٢] لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کورکوك, ب١, ل٨٩؛ فەیسەڵ عەلی: ئابوری نەوت لە کەرکوك, ل٣٢٤.

[٣] فەیسەڵ عەلی: ئابوری نەوت لە کەورکوك,ل٣٢٤- ٣٢٥.

١١- هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆسەر بیرە نەوتیەکانی کەرکوك لە ساڵی (١٩٦٩)دا گرفتێکی زۆری بۆ دەسەڵاتدارانی بەعس خوڵقاند و سەرەرای پتر لە (١٠) ملیۆن دۆلار زیانی تێکرای حکومەتی عێراق لەو هێرشانەدا کە ماوەی پتر لە ١٠ رۆژ بوو، ڕێژەی (٧٠٪)ی هەناردەی نەوتی کەمکردەوە، کە ئەو کات ٧٠٪ی هەناردەی نەوتی عێراق پشتی بە نەوتی کەرکوك دەبەست.[١]

١٢- ڕێژەی بەرهەمی نەوتی کەرکوك لە کۆتایی ساڵ (١٩٧٠)دا گەیشتە (٥٠) ملیۆن تەن لە ساڵێکداو لەم بارەیەوە (د. عبدالرحمن قاسملو) دەنوسێ:" گەورەترین کانگای نەوتی کوردستان لە بابە گوڕگوڕی نزیك شاری کەرکوکە، کە مۆنۆپۆلی ئیمپریالیستی نەوتی عێراق دەریدەهێنێ و بەرهەمی نەوتی کوردستان لە ساڵێکدا زیاتر لە (٥٠) ملیۆن تەنە، واتە ٩٠٪ی هەموو ئەو یەدەگی نەوتیەی کە لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە".[٢] (د. شاکر خصباك)یش دەڵێ:" لە کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠دا بەرهەمی بیرە نەوتی بابە گوڕگوڕ گەیشتە (٥٠) ملیۆن تەن، ئەم بیرە نەوتانەی کەرکوك چاکترین نەوتی وولاتی عێراق پێکدێنن و ڕێژەی بەرهەمیان ٣/٤ی بەرهەمی عێراقە"، (محمود رەزا)ش ووتویەتی:" ٧٠٪ی سەرجەمی بەرهەمی گشتی پەترۆڵی عێراق هی چاڵگەی نەوتی کەرکووکە".[٣]

١٣- داهاتی نەوتی کوردستان بەگشتی و کەرکوك بە تایبەتی وایکردووە کە ئابووری حکومەتەکانی عێراق بەرزبکاتەوە، ئەم زیادبوونی داهاتەش لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە بۆ بەعس پێویست بوو، چونکە لەلایەك بە شێوازێکی رووکەشی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی لە گفتوگۆکردندا بوو، لەلایەکی دیکەوە لە هەوڵ و پلان داناندا بوو تاکو بتوانێت بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد هەرەس پێبهێنێ.[٤]

کاتێك ئەو گفتوگۆیانەی کە بریاربوو لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٧١) لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیا بیانیەکان بکرێت سەبارەت بەیەکلایی کردنەوەی کۆمەڵێ کێشەی نێوانیان، وەك پاکۆکاری مۆڵکانەی نەوتی ساڵانی (١٩٦٢ – ١٩٧١) و بەشدار بوونی عێراق لە پشکی کۆمپانیاکان ڕێککەوتن لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان، بەڵام کۆمپانیاکان بڕی بەرهەمهێنانی نەوتیان کەمکردەوە وەك فشارێك بۆ پاشگەزکردنەوەی حکومەتی عێراق لە داواکانی. لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٢)شدا حکومەتی عێراق جارێکی دیکە داوای گفتوگۆی لە کۆمپانیا نەوتیەکان کرد سەبارەت بەهەمان ئەو کێشانەی کە لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا، بەڵام کۆمپانیاکان بەهەمان رەوتی پێشویان ویستیان بە فشاری کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت حکومەتی عێراق لە داواکانی پاشگەزبکەنەوە.[٥] لە بەرامبەر ئەوەدا حکومەتی عێراقی بە بریاری ژمارە (٦١)ی (١) حوزەیرانی (١٩٧٢)دا، کە هەموو پرۆسەی نەوتیەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی خۆماڵی (بەعێراقی)کرد بەکێڵگە نەوتیەکانی

---

[١] دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد, و/ ئەبوبکر خۆشناو, ب٢،چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٠, ل٥٣٩.
[٢] کوردستان وکورد, و/ عبدالله حسن زادە, ل١٩.
[٣] وەرگیراوە لە: لەتیف فاتح فەرەج: کوردو کەرکوك, ب١, ل٩١.
[٤] فەرید ئەسەسەرد: لە بەریەك هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە فرە نەتەوەکان و مەسەلەی فدراسیۆنکردنی عێراق, گۆڤاری سیاسەتی دەولی, ژ١, ساڵی دووەم, نیسانی ١٩٩٣.
[٥] فەیسەڵ عەلی: ئابوری نەوت لە کەرکوك, ل٣٢٧ – ٣٢٨.

کەرکوکیشەوە، ناوی پارێزگای کەرکوکیشی گۆری بۆ پارێزگای (تامیم)، کە ئامانجی سەرەکی ئەم کارە بەعەرەب (تەعریب) کردنی شاری کەرکوکی کوردستان بوو.[1]

لێرەدا ئەو ڕاستیە بەجەستە دەبێت ئەگەر تا ساڵی ١٩٧٢ نەوتی کەرکووك هۆکاربووبێت بۆ دابەشبوونی خاکی کوردستان، ئەوا لەو ساڵە بەدواوە داهاتی ئەو نەوتە بووە بناغەیەکی باش بۆ حکومەتی بەعس و ئەو داهاتەش بەشێکی هەرەزۆری بۆ سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و بەبەعیسکردنی شارەکەو تەواوی باشوری کوردستان بەکاهاتووەو رۆژ بە رۆژیش چارەسەری دۆزی کوردی ئاڵۆزترکردووە.

[1] د. نوری تاڵەبانی: کورتەیەك لە کتێبی ناوچەی کەرکوك, و/ ش.م, گۆڤاری پەیڤین, ژ١, تەمووزی ١٩٩٧, ل١٩.

## ئەنجام

یەکەم: نەوت ئەمڕۆ لە دونیادا بەگشت لە دوو بواری سەرەکیدا رۆڵی بە شێوەیەکی دیار بەرچاو دەکەوێت، کە یەکەمیان رۆڵی نەوتە لە بواری ئابوری و دووەمیان رۆڵی نەوتە لە بواری سیاسیدا. بە مانایەکی دیکە ڕۆڵی لەگشت بوارەکانی ژیاندا هەیە، چونکە ئەو دووبوارە بناغەی هەموو بوارەکانی دیکەن لە دونیادا.

دووەم: دەرکەوتەو بەکارهێنانی نەوتی باشوری کوردستان بە گشتی و نەوتی کەرکوك بەتایبەتی، دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر کۆنتر لە دەرهێنانی نەوت لە کەرکوك، کە لەساڵی ١٩٢٧دا یەکەم چاڵی نەوت بە شێوەیەکی فەرمی دەرهێنراوە.

سێیەم: دەرهێنانی نەوت لە کەرکوك بە شێوەیەکی فەرمی دەکرێت بە خاڵی سەرەتا و گرنگ دابنرێت بۆ بە عەرەبکردنی ئەم شارە لەلایەن حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراقەوە.

چوارەم: هەموو دیکۆمێنت و سەرچاوە مێژووەکان ئەوەیان سەلماندووە کە نەوتی کەرکوك بۆتە بناغەی بەستنی چەندین کۆبونەوەو رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی وەك(برینجی-لۆنگ، سانریمۆ، سیڤەر، لۆزان و ئەوانی تر)، لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی (بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و تورکیا و...هتد)، بەمەبەستی بردنی زۆرترین قازانج لە نەوتی کەرکوك. کە لە کۆتایدا ئەو کۆمپانیانە لە ژێرناوی(کۆمپانیایی نەوتی تورکی) دەستیان کرد بە دەرهێنانی نەوتی کەرکوك.

پێنجەم: نەوتی یەدەگی کەرکوك بە چاڵگەی ژمارە یەك دێت لە ناوچاڵگەکانی عێراق و باشوری کوردستاندا، کە بڕەکەی مەزەندە دەکرێت بۆ ماوەی (٢٠٠)ساڵی دیکە نەوت بدات.

شەشەم: لە پاش دەرهێنانی نەوت لە کەرکوك، بیرە نەوتیەکانی ئەم شارە لە ساڵی (١٩٣٤)ەوە زۆر کات بووەتە چاڵگەی ژمارە یەك لە ناردنی نەوت بۆ دەرەوەی عێراق، بەمەبەستی فرۆشتن و بازرگانی کردن. لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتە داگیرکەرەکانی کەرکوك سودێکی یەکجار زۆریان لەو بازرگانییەی نەوتی کەرکوك وەرگرتووە، بەپێچەوانەوە بووە بە زیان بۆ دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە کە کوردە.

حەوتەم: نەوتی کەرکوك لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا ساڵی ١٩٧٢ بۆتە مایەیی چاوتێبرنی چەندین داگیرکەری وەك((عوسمانی و سەفەوی و ئەڵمانی و بەریتانی و فەرەنسی و ئەمریکی))، کە هەر یەکەیان بەشێك لە سیاسەتەکانی خۆیان لە سەر پشکی نەوتی کەرکوکەوە بۆ نێوچەکە دارشتووە.

هەشتەم: دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتی کەرکوك لە مێژووی هاوچەرخی کورد، بە گرنگترین هۆکار هەژمار دەکرێت بۆ دابەشکردنی خاکی کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و دواتر لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە عێراقی عەرەبیەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبە کوردییەکان:**


١) احمد باوەڕ: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هاوچەرخی کورد، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢) احمد سید علی بەرزنجی: سایکس بیکۆ و ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، چاپی دووەم، چاپەمەنی سلێمانی، ١٩٩٨.

٣) احمد عپمان ابو بکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و.محەمەد نوری توفیق، چاپخانەی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٦.

٤) پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی), مەکتەبی ناوەندی دراساتو توێژینەوە: نەوتی کوردستانی عێراق, بەشی دووەم, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, ١٩٩٨.

٥) پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری: شاری کەرکوك ١٩١٧-١٩٢٦, مەکتەبی بیروهۆشیاری, سلێمانی, ٢٠٠٧.

٦) حەمە کەریم عارف: کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

٧) دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس: ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژووی، چاپخانەی ئەکادیمی، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٦.

٨) دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد, و/ ئەبوبکر خۆشناو, بەشی دووەم،چاپخانەی ڕوون،سلێمانی،٢٠٠٢.

٩) سەلام ناوخۆش: هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵا بە عێراقی عەرەبیەوە, چاپخانەی ژیان, هەولێر, ٢٠٠٠.

١٠) عبد الرحمن قاسلمو: کوردستان و کورد, و. عبداللە حەسەن زادە, بنکەی پێشەوا, ١٩٧٣.

١١) عبداللە غەفور: جوگرافیای ئابوری نەفت لە کوردستاندا, چاپی دووەم, سلێمانی, ٢٠٠٢.

١٢) عەبدوڵڵا عەبدوالکەریم مارف بەرزنجی: کارکوك لە مێژوودا, چاپخانەی خۆیبون, دانیمارك, ئازاری ٢٠٠١.

١٣) عەلائەدین سجادی: گەشتێك بە کوردستانا, چاپخانەی مەعاریف, بغداد, ١٩٥٦.

١٤) فۆاد حەمە خورشید: کەرکەوك لە بەڵگەنامەکاندا، و.نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٥) فاچل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵا, و/ محەمەد شاکەلی, چاپخانەی خاك, سلێمانی, ١٩٩.

١٦) کۆمەڵی مامۆستای زانکۆ: جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان, و/ سەنتەری برایەتی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق, هەولێر.

١٧) کامەران ئەحمەد محمد ئەمین (کاممەران مەنتك): کوردستان لە نێوان ململانێی ناوچەیی و نێو دەوڵەتیدا ١٨٩٠ – ١٩٣٢،چاپ و ئۆفێستی دەزگای سەردەم،سلێمانی٢٠٠٠.

١٨) کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهانیدا, چاپخانەی کۆری زانیاری, بەغداد, ١٩٧٥.

١٩) کەندال و عبدالرحمن قاسملو ....ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت (کورد و کوردستان)، و. م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨.
٢٠) لەتیف فاتح فرج: کوردو کەرکوك, بەرگی یەکەم, سلێمانی, ٢٠٠٢.
٢١) م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان, بەرگی یەکەم, جاف پێرس, لەندەن, ١٩٩٠.
٢٢) مارف عمر گول: پەیوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێو دەوڵەتانەوە چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٣) مەهدی محمد قادر: پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ - ١٩٥٨, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان, سلێمانی, ٢٠٠٥.
٢٤) محەمەد سەعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا, چاپخانەی بەرهەم, سلێمانی, ٢٠٠٣.
٢٥) میم کەمال ئوڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵا ١٩١٨ - ١٩٢٦, و/ سەلام ناوخۆش, چاپخانەی خەبات, هەولێر, ٢٠٠٠.
٢٦) نوری تاڵەبانی: سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك, و/ مەریوان حوسێن چیمەنی, مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن. ك), سلێمانی, ٢٠٠٣.
٢٧) نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆرینی باری نەتەوەی ئەم ناوچەیە, و/ محمەد مەلا کەریم،چاپی دووەم،دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٤.
٢٨) وەلید حمدی: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا, و/ موحەمەد نوری توفیق, دەزگای چاپو پەخشی سەردەم, سلێمانی, ١٩٩٩.
٢٩) یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

**دووەم: کتێبە عەرەبییەکان:**

٣٠) احمد نجيب: دراسات في جغرافية العراق الصناعية, بغداد, ١٩٧٥.
٣١) اندئوشسی: الصرعات البترولية في الشرق الاوسط, ت/ د. اسعد معفل, دار الحقيقة للطباعة, بيروت, ١٩٧١.
٣٢) بيَوار خنسى: الملف النفطى فى العراق الماضي وافاق الحاضر والمستقبل بحوث ودراسات ٢٠٠٥, مطبعة وزارة التربية, اربيل, ٢٠٠٥.
٣٣) جرجيس حسن: تركيا فى ستراتيجية الامريكية سقوط الشاه, الطبعة الاول، ١٩٩٠.
٣٤) حامد محمود عيسا علي: المشكلة الكردية في شرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، مطبعة متولي، قاهرة، ١٩٩٢.
٣٥) حكمت سامى سليمان: نفط العراق "دراسة اقتصادية... لسياسة", دار الرشيد للنشر, بغداد, ١٩٧٩.

٣٦) درية عونى: عرب واكراد فصام ام وئام, دار الهلال, ١٩٩٣.
٣٧) السيد عبدالرزاق الحسنى: تارليخ العراق السياسى الحديث, ج١, ط٧, مطبع دا الشؤن الثقافة العامة, بغداد, ١٩٨٩.
٣٨) صباح ذهب: البترول العربى الخام فى سوق العالمية, قاهيرة, ١٩٦٩.
٣٩) عبدالحميد العلوجى و خضر عباس الامى: الاصول التاريخية للنفط العراق, مراجعة. د. صاحب ذهب, ج١, وزارة الاعلام, جمهورية العراقية, بغداد, ١٩٧٣.
٤٠) عبدالرزاف الحسنى: العراق قديما و حديثا, مطبعة عدنان, سوريا, صيدا, ١٩٥٦.
٤١) عبدالمجيد فهمى: كتاب دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية, ج١, بغداد, ١٩٤٦.
٤٢) فؤاد حمة خورشيد مصطفى: كركوك قلب كردستان, مطبوعات المديرية العامة للطباعة والنشر فى وزارة الثقافة, سليمانية, ٢٠٠٥.
٤٣) قاسم احمد العباس: وثائق النفط فى العراق, ج١, مطبعة العانى, بغداد, ١٩٧٥.
٤٤) كمال مجيد: نفط والاكراد"دراسة اعلاقات العراقية_اسرائيلية_الكويتية"،دار الحكمة،لندن، ١٩٩٧.
٤٥) كمال مظهر احمد : اضواء على قضايا دولية فى الشرق الاوسط, بغداد, ١٩٧٨.
٤٦) كمال مظهر احمد :كردستان في سنوات حرب العالمية الاولى، ت. محمد مةلا عبدالكريم، ط٢، بغداد، ١٩٨٤.
٤٧) مجموعة الباحثين: كركوك مدينة القوميات التاخية, لمركز كربلاء للبحوث والدراسات لندن، المملكة المتحدة, ٢٠٠٢.
٤٨) محسن الموسوى: النفط العراق " دراسة وثائقية من منع الامتيازا حتى التاميم", بغداد, ١٩٧٣.
٤٩) محمد ازهر سعيد السماك و اخرون: جغرافية الموارد الطبيعية, جامعة الموصل, ١٩٨٢.
٥٠) محمد ازهر سعيد السماك و زكريا عبد الحميد باشا: اقتصاديات النفط و السياسة النفطية, جامعة الموصل, ١٩٨٠.
٥١) محمد هادى الدفتر و عبداله حسن: العراق الشيمالى, ج١, مطبعة شفيق, بغداد, ١٩٥٥.
٥٢) مكتب دراسات والبحوث المركزى: نفط كردستان العراق, دراسة رقم (٣١), ط١, ١٩٩٧.
٥٣) مكتب دراسات والبحوث المركزى:النفط والاكراد" دراسة اعلاقات العراقية - ايسرائيلية - الكويتية" دار الحكمة, لندن, ١٩٩٧.

**سێیەم: کتێبە ئینگلیزیەکان:**

54) Great powers, oil and Kurd in mosul, by: habibollah atarodi, university press of America, 2003.

**چوارەم: گۆڤارە کوردییەکان:**

٥٥) ئازاد: مێژووی دۆزینەوەیو دەرهێنانی نەوت لە کەرکوك, گۆڤاری کەرکوك, ژ(١), هاوینی ١٩٩٩.
٥٦) ئاران: ئارابخا وولآتی کوردەواری لە مێژوودا, گۆڤاری هەزار مێرد, ژ(١٦), حوزەیرانی ٢٠٠١.
٥٧) ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر ڕاگوێزاندنی کورد و بەعەرەبکردنی,

گۆڤاری سەنتەری برایەتی, ژ٢٠, هەولێر, هاوینی ٢٠٠١.
٥٨) ئازاد نەقشبەندی: ڕێککەوتن نامەی سایکس بیکۆ و کوردستان گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(٧)، ئابی ١٩٩٨.
٥٩) دانیال بەرگین: نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, و/ کەمال شەریف, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(٤٠), ساڵای سیازدەهەم, شوباتی ٢٠٠٣.
٦٠) سمکۆ بەهرۆز مەحەمەد: مێژووی ئابوری ناوچەی کەرکوك لە روانگەی سەردەمە مێژوویەکانەوە, بەشی سێیەم, گۆڤاری نەوشەفەق, ژ(٧), تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣.
٦١) فەرید ئەسەسەرد: گاپ و ستراتیجی بادانەوە بەلای ڕۆژهەلاتدا،سیاسەتی دەولی: ژمارە (٢) ، تەممۆزی١٩٩٢.
٦٢) گولەر سیامەنسوری: کەرکوك شاری ئاگری هەمیشەیی, گۆڤاری هاواری کەرکوك, ژ(٢),کانوونی یەکەمی ١٩٩٨.
٦٣) عەلی سیرنی: سایکس بیکۆ دەرئەنجامی سەرکەوتنی ڕۆژئاوا بوو بەسەر ڕۆژهەڵاتدا، گۆڤاری شانەدەر، ژ(٩)، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦.
٦٤) فەرهاد هەمزە محەمەد: مێژووی نەوتی کەرکوك, گۆڤاری بانەرۆژ, ژ(١٤), کانونی دووەمی ٢٠٠٥.
٦٥) فەرید ئەسە سەرد: لە بەریەك هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە فرە نەتەوەکان و مەسەلەی فدراسیۆنکردنی عێراق, گۆڤاری سیاسەتی دەولی, ژ(١), ساڵی دووەم, نیسانی ١٩٩٣.
٦٦) فەیسەڵا عەلی: ئابوری نەوت لە کەرکوك, گۆڤاری کەرکوك, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ستراتیجی, ژ(٤٠), ساڵی یازدەهەم, شوباتی ٢٠٠٣.
٦٧) محمد عەبدوڵلا عومەر: ڕۆڵی ئاوی کورد لە بەعەرەب کردنی کەرکوك, گۆڤاری سەنتەری برایەتی, ژ(٢٠), هاوینی ٢٠٠١.
٦٨) نوری تاڵەبانی: کورتەیەك لە کتێبی ناوچەی کەرکوك, و/ ش.م, گۆڤاری پەیڤین, ژ(١), تەمووزی ١٩٩٧.
٦٩) وەلید شەریکە: کەرکوك (توێژینەوەیەکی جیۆ مێژوویی), گۆڤاری سەنتەری برایەتی, ژ(٢٥), هاوینی ٢٠٠١.

**پێنجەم:: گۆڤارە عەرەبیەکان :**

٧٠) جرجيس فتح الله المحامی: النفگ قرر مصير كوردستان السياسی, مجله الپقافه الكورديه.

**شەشەم: سەرچاوەی زانکۆیی:**

٧١) ابراهيم خليل احمد: ولايه موصل " دراسه فی تگوراتها السياسيه ١٩٠٨ - ١٩٢٢", رساله ماجستير, مقدمه الی كليه اداب, جامعه بغداد, ١٩٧٥ .

**حەوتەم: سەرچاوەی ئەلکتۆرنی:**

٧٢) البترول، مقالة من الانترنيت، موقع (www.about wikipedia,org)، تاريخ الزياره فى 27/1/ 2005.

٧٣) بيوار خنسى (الدكتور): الحزام النفطى فى كردستان، مقالة من الانترنيت، موقع "pdk"، تاريخ الزياره فى 10, 4, 2004.

٧٤) مجلة (صين الجديده)- موقع WWW. CHINA TODOY. ORG تاريخ الزياره فى ٢٠٠٣/٢/٧